دیمانە/ خەلیل بابە

# موئەیەد عەبدوڵڵا:
# خۆم و عودەکەم ئاوێتەی یەکتر بووین

**یەکێکە لەو کەسانەی کە لەژەنینی عوددا ڕۆڵی هەبووە لەپێگەیاندنی دەیان قوتابی لەشاری هەولێر، ئەندامێکی کارای تیپی موزیکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کورد مەڵبەندی گشتی- هەولێرە، بۆیە لەدەرەفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** لەعود ژەنین زۆر بەتوانای؟ تەنیا ئەو ئامێرە دەزانی بژەنی؟**

- ئامێری عود هاو غەم و هاو سۆز و ئاوێتە بووی ژیان و دنیای هونەری من بووە، بۆیە چەندین ساڵە بەیەکەوە بووین، زۆر کەم لەیەك دابڕاوین، زۆرجار خەریکی ژەنین و پڕۆڤەکردنم، زانیاری وەردەگرم لەسەر ئامێری عود بە بینین و خوێندنەوەو بیستن، هەروەها چەندین ئاوازی دەنگە جیاجیاکانم هەیە لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەئامێری عود هەرچ ئامێرێك بە(ڕیشە) بژەنرێت دەتوانم بیانژەنم، بەڵام وەکو ئامێری (عود) زیاتر گونجاوترە بۆ گۆرانی وتن لەلای من، بۆیە هەردووکمان تێکەڵ و ئاوێتە بووی یەکترین.

***ئەو کەسانەی هاندەرت بوون کە ببیتە میوزیکژەن کێ بوون؟**

- گۆرانی و میوزیك حەز و خولیایەکی منداڵیمە - ژیان بەجۆرەکانی – هەست پێکردن و کاریگەریەکانی کۆمەڵگەو نەهامەتییەکانی و...تاد کاری هاندەریان هەبووە لەسەر کەسایەتی من لەخێزانێك دا کە تایبەتمەندی خۆم هەبووە، بوونەتە دەربڕی پەنگ خواردووی ئاخ و ڕۆح بەدەنگ و ژەنین-لەپاشان دایکی ڕەحمەتیم مرۆڤێکی زۆر بە سۆزو میهر بوو– دەنگی خۆش بوو- دەیوت ڕۆڵە بخوێنەو بزانەو فێربە، دەتوانی بەگۆرانی و میوزیك زۆر مەبەست بگەیەنیت و دڵی مرۆڤەکان خۆش بکەیت، ئەوکاتە زیاتر



لەبەرچاو و دڵان دەبیت و دەبیتە کەسێکی سوود بەخش. هەروەها کۆمەڵێك لەئازیزانم، نزیك لەخۆم براو خوشکەکانم، هاوڕێکانم بەردەوام هاندەرم بووینە. لەدوای ئەمانەشەوە، هاوسەرەکەم بە بەردەوامی هاندەرم بووە بۆ خزمەتکردنی هونەر بەگشتی، بەتایبەتی ئاواز و مۆسیقاو گۆرانی منداڵان و قوتابییان، چالاکی قوتابخانەکان.

*** ئێوە خانەوادەیەکی هونەرمەندن براکەت شانۆکارە خۆت میوزیکژەن، چۆن بوو تۆ نەبوویتە شانۆکار، میوزیکت هەڵبژارد؟**

-لەلای من هەڵبژاردنی میوزیك ئاڵودەبوون و حەز و هەڵچوون و دامرکاندنەوەی ڕۆح و ناخە، دەروازەیەکە بۆ زووتر گەیاندنی دنیا سیحراویەکەی میوزیک بۆ ناخی هەموو مرۆڤێك، ڕەنگە من ویستبێتم چاکتر یان خێراتر مۆسیقاو گۆرانی هەڵبژێرم کە زیاتر دەبێتە ڕەنگدانەوەی بۆچوون و مەبەستەکانم و گەیاندنی پەیامەکانی بەهەواداران و ئازیزانم، بەڵام کاری شانۆییم نەکردووە، لەجیاتی ئەوە مۆسیقا و گۆرانیم بۆ چەندین شانۆ ئامادەکردووەو وتومە. هەموو بوارە هونەریەکانم خۆشدەوێن بێشك هەڵبژاردنیشیان وەستاوە لەسەر تواناو حەزو خۆ دۆزینەوە.

*** دەنگێکی خۆشت هەیە لەزۆر بۆنەی تایبەتی کۆمەڵە گۆرانی دەڵێی، بیرت لەوە نەکردۆتەوە سیدیەك بڵاو بکەیتەوە؟**

- پێش ئەوەی میوزیکژەن ببم، گۆرانیبێژ بوویمە، فێربوونم بەمیوزیك بۆ باشترکردن و جوانترکردنی گۆرانییەکانم بووە، بەداخەوە دەتوانم بڵێم ئاوازی زۆرم هەیە بەهۆنراوەی شاعیران/کلاسیك و سەربەست، بەڵام نەمتوانیوە تۆماریان بکەم، بۆیە بەردەوام لەبیری ئەوەدام ئەگەر یارمەتی و هاوکارم هەبێت دەتوانم سیدی بڵاوبکەمەوە، ئەوە بەدوور نازانم، بەڵام پێویستی بەسەرەتای دەستپێکردن هەیە، لەوانەیە من هەوڵم دابێت، بەڵام هەوڵدانەکانم ئەوە نەبووە یاخود ڕێگاو شێوازی تر هەبێت نەتوانم خۆمی لەگەڵدا بگونجێنم، بەهەرحاڵ من توانای ئەوەم هەیە بە(دەنگ و ئاواز و میوزیك) بێمە خزمەتی ئارەزوومەندان و هەوادارانم ئەگەر یارمەتی و ئاسانکاریم بۆ هەبێت.

*** ئایە فێربوونی ژەنینی عود خۆرسك بوو یا بەشێوەیەکی ئەکادیمی فێربووی؟**

- بۆ فێربوونی ئامێری عود، لەقۆناغەکانی خوێندندا لەهەشتاکان هیچ خولێکی مۆسیقایی ئەوتۆ نەبوو بۆ فێربوونم بەشێوازێکی ئەکادیمی، دوای دەرچوونیشم لەشەشەمی زانستی لەپەیمانگاکانی هونەری وەرنەگیرام ئەویش لەبەر بوونی زۆر هۆکار. بەڵام من بەوە نەوەستام، بەڵکو بە بەردەوام بوون لەپێوەندییەکان و ئاگاداربوون و زیاتر خۆ شارەزاکردنم لەدنیای میوزیك و گۆرانی و زۆری حەزەکانم فێری ژەنینی ئامێری عود بووم. بۆیە من لام وایە عیشق و بەردەوام بوون بەخۆ پڕ زانیاریکردن بەخوێندنەوەو گوێگرتن و ڕاهێنان ئەکادیمیاییێکی دروستی فێربوونە بۆ هەموو مرۆڤێکی ئارەزوومەند. دیسان لەگەڵ ئەمانەشدا خەریکم ئەلف و بێو پەیژەکان و نۆتە و زانیارییەکانی تری مۆسیقا دەخوێنم.

*** ئێستا لەتیپی میوزیکی کۆمەڵەی، چ پڕۆژەیەکی هونەریتان لەبەردەست دایە؟**

-لەساڵی (٩٣)ـوە ئەندامێکی کارای کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردیم، تیپمان هەیە ساڵانە بەیادی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە کار و چالاکیەکانمان دیارە، بۆ یادی هونەرمەندانی نەمر و نەورۆزو بەهار و بۆنەکانی تر ئاهەنگمان گێڕاوەو گۆرانیمان تۆمار کردووە. لەم وەرزەدا بەنیازین بۆ یادی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی هونەرمەندی نەمر(فواد ئەحمەد) کۆمەڵێك مۆسیقاو گۆرانی بکەین، بۆ((TVییەکان هەندێك بەرنامە بکەین و گۆرانی نوێ تۆمار بکەین.

*** پێش ئەوەی بێیتە کۆمەڵە لەچ تیپ و گروپێکی میوزیك کارت کردووە؟**

- لەساڵی (١٩٨٢-١٩٨٣) بەشداربووێکی تیپی کاروان بووم بەگۆرانی و کۆرس، شایەنی باسە کۆمەڵێك لەهونەرمەندانی بەتوانای ئەم شارە لەم تیپەدا کاریان دەکردو ئەندام بوون، ئەم تیپە بەسەرپەرشتی مامۆستای هونەرمەندی کۆچکردو (شێرزاد عوزێری) بەڕێوەدەبرا.

*** بەڕای جەنابت ئێستا گۆرانی و میوزیکی کوردی لەچ ئاستێك دایە؟**

- لەئاستی باشدایە کاری جوان و ناوازە دەبینین چێژ دەدەنە هەواداران و شارەزایان، ئەمەش جێگای خۆشحاڵی و گەیاندنی پەیام و مەبەستە گەورەی هونەرە بۆ ئێستاو ئایندە، بەڵام بەداخەوە هەندێك کاری هونەری ئاست نزم ڕۆژانە بەبەرچاومان دەکەون و گوێمان لێیان دەبێت چێژی هونەرییان نەهێشتووەو ئەم نێوەندەشیان شێواندووە، بۆیە ئاسانکاری و یارمەتیدانییان لەبەرژەوەندی هونەری میللەتەکەمان دانییە. هەر بۆیە پێویستە لەلایەن خەمخۆرانی هونەری میوزیك و گۆرانی ئاگادار بکرێنەوە بەمەبەستی سنووردانانێك بە لەبەرچاوگرتنی گشتی و دوور لەبەرژەوەندی تایبەتی و ئایدیایەك کە ئەمانە زیان بەهونەر و کەلتووری کوردیمان دەگەیەنن، بۆ پارێزگاری و هەڵسەنگاندنی هونەری گونجاو و جیاکردنەوەی تواناکان پێویستە هونەر و هونەرمەندان بەیاساو ماف و دەسەڵاتی هونەری پارێزراو تایبەت بەهونەر پارێزراو بن، تا بتوانن پشتگیری لەبەهاو جوانیەکانی مۆسیقاو هونەری کوردیمان بکەن، ئەوکاتەش ئاستەکان بەرەو باشتر و باشترین دەچن. توانای هونەریمان فراوانتر دەبێت بۆ زیاتر ناسین و بوونی ئاستی ڕۆشنبیریەتی هونەری میللەتەکەمان لەهەموو ڕووێکدا.

*** لەچالاکی قوتابخانەکانی چۆمان بوویت بۆچەند ساڵێك، پاشان چالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی هەولێر، تا چەند سوودت بە قوتابیان گەیاندووە بۆ فێربوونی میوزیك؟**

- بۆماوەی چوار ساڵ بەرپرسی چالاکی قوتابخانەکان بووم لەپەروەردەی چۆمان، ژمارەیەك لەقوتابیانی ئەم دەڤەرەم فێری هونەری شانۆ و مۆسیقام کردووە بەئامێراکانی (عود و ساز و میلۆدیکاو کەمان و نای) بەپێی توانا. شایەنی باسە ساڵانە بۆ فیستیڤاڵی پەروەردەکان بەشداریمان کردووە بەئاوازو هۆنراوەی خۆم. ئێستاش لەچالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی هەولێر دەوام دەکەم و بەردەوامم لەکارو چالاکیەکانم و فێرکردنی قوتابیان لەسەر ئامێرەکانی (عودو جمبووش و ساز). بەمەش زۆر خۆشحاڵ دەبم کە کارێك بکەم و کاردانەوەیەکی جوانی هەبێت.







## دیمی مۆر ناوی خۆی گۆڕی

دوای ئـــەوەی بۆماوەیەکی زۆر ناکۆکـــی لەنێوان دیمی مۆری ئەکتەری بەریتانی و ئەشـــتۆن کاچەری هاوسەری هەبوو، پێدەچی ژیانی هاوسەرییان کۆتایی هاتبێت.

تا ماوەیەك بەر لەئێســـتا لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دیمـــی مۆر ناوی (خانم کاچەر) بـــوو، بەڵام بەم دواییە ناوی خۆی گۆڕیوە و ئێســـتا پەیجەکەی بەناوی (تەنیا دیمی)یە، بەپێـــی هەواڵەکانی گۆڤـــاری (بیبۆل) ی ئەمریکـــی دیمی مۆری تەمەن ٤٩ ســـاڵ ڕایگەیاندووە کە ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەکتەر ئاشـــتۆن کاچـــەری تەمەن ٣٥ ســـاڵ کۆتایی پێهاتووە، هەر بۆیەش پەیجەکەی خۆی گۆڕیوە، گۆڤاری ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەوادارانی دیمی مۆر یارمەتییانداوە بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناوە دوای ئەوەی ڕاوێژی پێکردن.

## دیانا پێوەندی لەگەڵ کۆنە هاوسەرەکەی نەپچڕاوە

ســـەرەڕای جیابوونەوەی دیانا حەداد لەهاوســـەرەکەی، بەڵام ئەو خانمە هونەرمەندە لوبنانییە دان بەوە دەنێت کە ئێســـتاش پێوەندییان نەپچڕاوە و بەردەوام لەهەواڵی یەکتر دەپرسن.

لەم بارەیەوە دیانا دەڵێت، بێگومان جۆرێك لەپێوەندی لەنێوانماندا ماوە، چونکە دوو کچمان لەنێواندا هەیە و بەرژەوەندی ئەم کچانەمان لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، دیانا هەروەها دەڵێ: ئێستا ئەو ژیانی تایبەتی خۆی هەیە و هیوای سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ دەخوازم، کاتێکیش جیابووینەوە من نەمهێشـــت هیچ کەســـێك بێتە نێوانمانەوە، چونکە تەڵاقدانم هێڵی سوور بوو بۆ هەموو کەسێك و ڕێگام نەدا کەس ئەم هێڵە سوورە ببەزێنێت. دیانا دەربارەی ژیانی ئێستایشی دەڵێ: بێگومان ئێستا ژیانم زەحمەتترە، چونکە دوو کچەکەم لەگەڵ من دەژین و بەرپرســـیاریەتی پەروەردەکردنیان ئاســـان نییە، ڕاستە باوکیان ماوە و خوا تەمەنی درێژ بکا و پێویستە ئەو مەرجەعیان بێت لەزۆر شت، بەڵام هەندێك بڕیار هەیە من دەیدەم سەبارەت بەژیانیان و ئەمەش شتێکی سروشتییە.

# کەلوپەلە تایبەتەکانی مادۆنا نمایش دەکرێن

سەنتەری برجمانی بازرگانی لەدوبەی بەنیازە پیشانگایەکی هونەری بەناوی (Simply Madonna) بکاتەوە کە هاووڵاتیان دەتوانن بەخۆڕایی بچن بۆ بینینی پیشانگاکە.
ئەم هەنگاوەی سەنتەری ناوبراو وەك ڕێزلێنانێك بۆ خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی مادۆنا دێت کە لەنێو وڵاتانی عەرەبی ئیماراتی هەڵبژارد وەك یەکێك لەو وێستگانەی کە بەنیازە تێیدا ئاهەنگ ساز بکات لەچوارچێوەی ئەو گەشتە هونەرییەی کە بڕیارە ئەنجامی بدات.
لەم پیشانگایەدا بەشی هەرە زۆری کەلوپەلە تایبەتییەکانی مادۆنا نمایش دەکرێن وەك جلوبەرگ و وێنەی فۆتۆگرافی لەگەڵ چەندین خەڵاتی جیاجیا کە لەماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردووی ژیانی هونەری خۆی بەدەستی هێناون.



# سوپەرمان دەگەڕێتەوە

کۆمپانیای (وارنەر برۆس)ی جیهانی بۆ بەرهەمهێنان، دەستی کرد بەوێنەگرتنی یەکەم فیلمی زنجیرەی نوێی فیلمەکانی سوپەرمان، بەمەش یەکێك لەگرنگترین کەسایەتییە خەیاڵییەکانی سینەمای جیهانی دەگەڕێتەوە. کۆمپانیای ناوبراو لەبەیاننامەیەکدا کە بەم بۆنەیە بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: ئێستا دەستکراوە بەوێنەگرتنی ڕووداوەکانی زنجیرەی سوپەرمان کە پێشبینی دەکرێت ساڵی داهاتوو نمایش بکرێت بەناوی (Man of Steel). ئەم فیلمە لەدەرهێنانی زاك سنایدەرە کە یەکێکە لەو دەرهێنەرانەی زۆرترین فیلم وەرگێراوی کتێبەکانی دەرهێناوە لەوانەی (٣٠٠) و(Watchman)،هەروەها دەرهێنەری جیهانی کریستۆفۆ نۆلان ئەویش بەشداری دەکات لەدەرهێنانی ئەم بەشە نوێیەی سوپەرمان، ئەم فیلمە وەك بەشەکانی تر باس لەکلارك کینت دەکات کە لەگەڵ دایکی دژیت دواتر هەست دەکات کە هەندێك توانای لەڕادەبەدەری هەیە ئینجا کە جیهان ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشە دەبێت ناچارە ڕزگاری بکات و پشت بەتواناکانی خۆی ببەستێت.





# نوێترین ئەلبوومی ئەدیل و ناوی ٢١

**نوێترین ئەلبوومی گۆرانیبێژی بەریتانی ئەدیل کە بەناوی (٢١)یە زۆرترین ڕێژەی فرۆشتنی تۆمارکرد و لەپێش ئەلبوومی (سریلەر)ی ئەستێرەی کۆچ کردوو مایکل جاکسۆن دێت لەفرۆشتن.**
**دەزگای (ئۆفشیل چارت کۆمپانی) کە تەنیا لەبەریتانیا (٤٢٧٤٣٠٠) دانە لەم ئەلبومە نوێیەی ئەدیل فرۆشراون واتە بەبڕی (٥٠٠) ئەلبوم زیاتر لەئەلبوومی (سریلەر)ی مایکل جاکسۆن و پێشبینی دەکرێت ئەم ژمارەیە زیاتر بێت، چونکە تێکڕای فرۆشتنی لەچوار هەفتەی ڕابردوو گەیشتە ٢٠ هەزار دانە لەیەك هەفتەدا.**
**بەمەش ئەدیل ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد لەفرۆشتنی زۆرترین ئەلبووم لەبەریتانیا.**

# شیلان عوسمان: تا ئێستا هاوکاری ماددی نەک

**شیلان عوسمان یەکێکە لەکچە دەنگخۆشەکانی شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٨٠ لەو شـارە لەدایکبووە و لەساڵی ١٩٩٧ گۆرانی (عەشـق باران)ی بڵاوکردەوە، تا ئێستا خاوەن سێ ئەلبوومی گۆرانییە و ئەندامی تیپی کیژانی سـلێمانی بووە، بەڵام ئێستا ڕووی لەسـتایلی سوننەتی کردووە، لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە**



*** تۆ زۆر دەمێکــە لەگۆرانی وتن دوورکەوتویتەوە، بەڵام دوای دابڕانت ئێستا بەستایلی سوننەتی گۆرانی دەڵێی؟**

-من ماوەیەکی زۆرە سـیدیەکم بەئەنجام گەیاند لەسـاڵی ٢٠٠٣ دا دوا ئەلبوومی خۆمم بەناوی سۆزی دایك پێشکەش کرد، ماوەیەکی زۆر لەهونەر دابڕام، بەڵام ئێستا کاری سوننەتی دەکەم زۆرپێی مورتاحم، چونکە کاری سوننەتی زیاتر لەگەڵ واقعی فۆلکلۆری کوردیدا دەگونجێت.

*** پشت بەتێکستی چ شاعیرێك دەبەستیت؟**

- بەشـێوەیەکی گشتی و بەردەوام پشـت بەتێکستی هیچ شاعیرێك نابەستم، بەڵکو هەر شاعیرێك تێکستی جوانی هەبێت بگونجێت لەگەڵ ئەداو بەهرە و سـتایل و توانای منداو بزانم تێیدا سـەرکەوتوو دەبم دەیکەمە گۆرانی، بۆیە هەرگیز پشت بەشاعیرێکی دیاریکراو نابەستم.

*** وەك ئافرەتێك پشت بە شاعیرە ئافرەتەکان ببەستیت باشتر نییە؟**

ـ پێموایە گۆرانیبێژ پشت بەیەك شاعیری دیاریکراو نەبەستێت و بڵێ من تەنیا تێکسـتی ئەو شاعیرە دەکەمە گۆرانی و لە بەرهەمەکانمدا بەکاریان دەهێنم، پێمخۆشـە هەر کەسـێك هەر شاعیرێك تێکسـتێکی بەهێز و کاریگەر و جوانم پێ بەخشێت من دەیکەمە گۆرانی، واتا بەبێ جیاوازی هەر کەسـێك پیاو یان ئافرەت تێکستەکەی جوان بێت من دەیکەم بە گۆرانی، واتە وەك شیلان عوسمان گوێ بەوە نادەم شاعیرەکە ئافرەتە یان پیاو هەرکەسێکبێت، بۆیە تێکستی شاعیری ئافرەت و هی پیاویشم کردۆتە گۆرانی.



***چی دەڵێی بۆ ئەو ئافرەتانەی گۆرانییەکانیان بۆ ئافرەتە نەك بۆ ڕەگەزی نێر؟**

- من گۆرانییەکانم زیاتر بۆ ڕەگەزی بەرامبەر واتە بۆ (پیاو) وتووە، چونکە من ئافرەتم واباشـترە گۆرانیەکان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر بێت، بەڕای من جوان نییە من وەك ئافرەتێك گۆرانی بـۆ خۆم بڵێم، هەر لە بەر ئەمە زیاتر گۆرانی بۆ بەرامبەرەکەم دەڵێم.

*** هەندێك هونەرمەند هەن بە بەردەوامی هاوکاری ماددی دەکرێن، ئایا شیلان وەك هونەرمەند هیچ هاوکاری کراوە؟**

- من لەزۆر ڕووەوە هـاوکاری مەعنەوی کراوم و هاندراوم و دەستخۆشـیان لێکردووم و پشـتگیرییان کردووم، بەڵام وەك هاوکاری ماددی زۆر سـەردانی وەزارەتی ڕۆشنبیریم کردووە و سەردانی بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری لای کاك عەباسم کـردووە بەڵێنیان پێـداوم کە هاوکاریم بکەن بـۆ ئەنجامدانی بەرهەمێکی هونەری، بەڵام تا ئێستا هاوکاری نەکراوم و هیچم بۆ نەکراوە.

*** جاران باسی نەبوونی کچ دەکرا، بەڵام ئێستا هونەرمەندی کچمان زۆرە کەچی دەبینین گلەیی زۆریان لێدەکەن؟**

- بەڵی من تا ئێستا هیچ گلەییەکەم لێنەکراوە، لەبەر ئەوەی من هیچ ترسـێکم نییـە لەکارەکانی خۆم، بـەڵام لەبواری هونەری بەشێوەیەکی گشـتی گلەیی دەکرێت و ڕەخنەش دەگیرێت.

*** ئێســتا بەهەموو شێوە و ستایلێك گۆرانی دەگوترێت کــە زۆر جار لەکلتور و نەریتی کوردی دوورە، هونەرمەند لەم ڕووەوە تاچەند ئازادە؟**

-هەر کەسـێك بۆ خـۆی ئازادە چ جـۆرە ڕێچکەیەك هەڵدەبژێرێت و چۆن گۆرانی دەڵێت، بەڵام پێویسـتە لەکاتی هەڵبژاردنی تێکسـتەکاندا پێویسـتە ئەوە لە بەر چاو بگرێت کە تاچەنـد دەگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمەدا و تا چەند قبووڵ دەبێت لای جەماوەر.

# ـــــراوم و بەردەوامیش بووم



**هۆكاری ماددی ســوود لەتوانا و بەهرەكانــی ئەم هونەرمەندە وەرنەگیراوە و ئەو كارانەشــی كە ئەنجامیداون بەماندوو بوونی خۆی بووە و وەك خۆی دەڵێت وەكو پێویست لەڕووی ماددییەوە هاوكاری نەكراوە، لەدەرفەتێكدا شــیلان عوســمان بەم شێوەی وەڵامی چەند پرسیارێكی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** ڕات چییە بەرامبەر بەو هونەرمەندانەی شەوان لەیانەكان ئاهەنگ دەگێڕن؟**

- بەرای من ئەوە شــتێكی ناشرین نییە، زۆر هونەرمەند لەڕووی مادییەوە پێوســتی بەوە هەیە ئاهەنگ بگێڕێت، ئەمە بێجگە لەوەی هەموو كەســێك ئازادە كە چۆن و لەكوێ گۆرانی بڵێت یان ئاهەنگ ساز بكات، زۆر هونەرمەند هەیە باش دەیانناســم كە پێویستیان بەوەیە شەوان لەیانەی شەوانە گۆرانی بڵێن، چونكە هونەرمەندیش مرۆڤەو پێویســتە بژێــوی ژیانی خۆی پەیدا بكات.

*** حەز دەكــەن دوایین كار و بەرهەمی خۆت بــە خوێنەران ئاشنا بكەی؟**

- چەنــد پرۆژەیەكــم لــە بەردەستدایە ئەگەر هاوكاری بكرێــم ئەنجامیــان دەدەم، بەڵێنیان داوە مەبلەغێك پارەم بۆ خــەرج بكــەن، ئەوكات دەتوانــم بــڵاوی بكەمەوە، هەرچەندە بەرهەمەكانی من لەكوردســتان بڵاو دەبنەوە، بەڵام پێویســتیان بەپارەی زۆر هەیە ئەگەر هاوكاری بكرێــم ئــەوكات دەتوانم بەرهەمــەكان بخەمــە بــەر گوێی بینــەران و بیسەرانی بەڕێز، هەروەها بە پێویســتی دەزانم لێرەوە زور زۆر سوپاسی سەنتەری گمۆ گروپی مەحوی دەكەم كە زۆر هاوكاریان كردووم و هەر ئەوانیش بەنیــازن بەرهەمێكی جوانم بۆ ئامادە بكەن.